لە ناخی کتێبانەوە*

# چیرۆکی مرۆڤ لە ئەشکەوتەوە بۆ کێڵگە

**دکتۆر جۆرج ڕۆ**
**لە عەرەبییەوە : عەبدولخالق محەمەد عەلی**
**(کۆیە)**

لەو کاتەوەی مرۆڤ لەسەر ئەم زەمینە پەیدا بووە، ئەم ئەستێرە گەڕۆکەی مرۆڤ و گیانلەبەر لەسەری دەژین تەمەنی لە دوو ملیۆن ساڵ تێپەڕی کردووەو بەرەو تەمەنی کۆتایی دەچێت. جیۆلۆجییەکان بەم چاخەی کە ئێمە تێیدا دەژین دەڵێن پلیستۆسین، (وشەیەکی یۆنانییەو (pleisto) بە واتا زۆر، (kainos) بە واتا تازە، نوێ) بەڕای مێژووناسان ئەمە بەشی یەکەمە لە چاخی بەردینی کۆن، بەپێی زمانێکی زانستییانەش (lower palaeolithic) چاخی بەردینی کۆن لە یۆنانییەوە (palaios بە واتا کۆن، lithos واتا بەرد). ئایا ئەمە چەند پێش ئێستا بووە؟ هەر ژمارەیەک بدەیت بۆ ئەم جۆرە پرسیارانە دەبێت بە خەمڵاندن بێت، بەڵام بە ئامارێک بە (٦٠٠٠٠٠ - ٧٠٠٠٠٠) ساڵ دەخەملێنرێت و ئەمە خەمڵاندنێکی مەیلەو تەواوە.

چاخی بەردینی کۆن ماوەیەکی زۆری خایاند (دەتوانین بڵێین ٣٠٠٠٠٠ ساڵی پێچوو)، بە تایبەتی لە نیوەی باکووری گۆی زەوی چەند وەرزی سارد و بەستەڵەکی بەسەر هات لە نێوانیاندا سێ کاتی گەرمی بەسەردا تێپەڕیوەو لە یەکی جیا کردوونەتەوە. ڕاستییەکەی ماوەکە ئەوەندە گەرم بووە، ئاژەڵەکان بە خۆشی لەبەر تیشکی خۆر لە دۆڵی ئەمەزۆنی فراواندا خۆیان گەرم دەکردەوە. لەم کاتەدا مرۆڤ لەچۆڵیدا دەژیا، ڕاوی دەکرد، تەڵەی دادەناوە، بێ گومان میوەشی کۆ دەکردەوە.

باسکردنی ئەم مرۆڤە زۆر سەختە، چونکە هیچ زانیارییەکی وامان دەربارەی ئەم مرۆڤەو کاتەکە لەبەردەستدا نییە، تەنیا چەند پارچە ئێسقانێکی مرۆڤ نەبێت، ئەمەش دەست دەدات کە گیاندارێک بهێنینە بەر چاو، باشترە چەند جۆر شێوەی نزیک لە مەیموون نەوەک لە مرۆڤ بهێنینە پێش چاو، بەڵام ئەو شێوەیەی لە

مەیموون دەچوو، زۆر نزیکە مرۆڤیش بووبن، تەواو زیرەک بوون توانیویانە ئامێر دروست بکەن کە هیچ مەیموونێک نەیتوانیوە بیهێنێتە بەرهەم.

هەمـوو مـرۆڤـێک زانیـویەتی ئەم ئامـێـرانە لە بەرد دروست بکات، لە بەردە ئەسـتێ داتاشـراوە لە دروست کردنیـان دوو ڕێگەیان بەکار هێناوە. لەوانەیە ئەمانە دوو جـۆر مـرۆڤی جیـاواز بن، دەبێت بەردە ئەسـتێکە وەک چەکـۆشێک بەکـار هاتبێت، یان تەشوێک، یان پارچەی لێکراوەتەوە و بەکـاریان هێنابێت وەک چەقـۆ بۆ کـەوڵ کـردن، یان نووک تیـژ بۆ کـوشتن. لە هەر شـوێنێک جیـاوازی هەبێت، شوێنەوارناسەکان ناویان بۆ داناون لە شـوێنی دۆزینەوەیان وەرگـیـراوە، بۆیە (چیلیـان) و (ئەچیـولیـان) ناوەندی بەردەکـان و (کـلاکـتـۆنیـان) و (ڤـالواسـیـان) تلـێـشـە بەردە، هەر نموونەیەکـیش بدۆزرێتەوە لەم دوو چەشنە، بۆی هەیە بەتەک یەکەوە بن و لە هەمان شوێندا بن.

ئەو پارچە بەردە ئەسـتێیـانەی دەگەڕێتـەوە سەردەمی لڤالواسو – ئەچیلیـان ئەوە دەسـەلمێنێ لە چاخە بەردینە کۆنەکان لە ئێراقدا ژیاوە، ئەم ئامێرانەش لە شوێنێک لە نزیک چەمـچـەمـاڵ دۆزراونەتەوە پێی دەگـوترێ بەردە پالگە. لەم شوێنەوە، بە دەوری بەردێکی قیت، چەندان جۆرە ئامێری وەک تەشوێ، چەقۆ، لە بەرد دروست کراو دۆزراونەتەوە، مـرۆڤـە سـەرەتاییـەکـان بۆ ئەنجـامـدانی کارەکانیان بەکاریان هێناوە. وا دەردەکەوێت ئەم ئامێرانە لە سەردەمی چاخی بەردینی کۆن دروست کرابن، لەوانە کـۆنتـر تا ئێـسـتـا لە ئێـراق نەدۆزراونەتەوە، بۆیە بەردە پالگە لەم وڵاتەدا بە کۆنترین شوێنی چاخی بەردینی کۆن دادەنرێت.

چاخی بەردینی ناوەڕاست ڕووی داوە لە کـــــاتـی چوارەمین چاخی بەستن بەسـەر ئەوروپا داهاتووە، لە کـۆتایی ئەم چاخـە (نزیکەی ۱۵۰۰۰۰ سـاڵ پێش ئێـسـتـا) ساردی هەر بەتین بووە، بەڵام دەتوانرا بەرگەی بگیرێ و لە ڕۆخ ئەم شـوێنە بەفـرینانەو لە ئەشکەوتدا بژیت. ئاژەڵی دڕندە و کـێـوی (مـامـووس، ئاسک، گـای کـێـوی، ورچ، شـێـری ئەشکەوتان دوژمنی مـرۆڤ بوون، یان نێچیر بوون بۆ ڕاوکردنیان. ئێمە ئێسقانی چەند لەو مرۆڤانەمان دەست کەوتووە کە ناویان لێناون نیاندەرتاڵ (نێوچەوانێکی تیژ، برۆیەکی زەق لەلایەکەوە بۆ لایەک، شەویلاگەیەکی زلی بێ چەنە) ئەم مرۆڤە لە ئاژەڵ دەچوو، زۆر دوور بوو لە لیـــــتی یۆنانی، کـە ئەوەش ئەمـە دەسـەلمێنێ جوانی و زیرەکی لێک نادرێت و پێـویست بە یەک ناکات.

بەڵام دروست کردنی ئامێر لە بەرد، ئەمە نیشان دەدات کە شـارەزایی بەرەو پێشـەوە دەچێت و زیاد دەکـات. لە بەرد و تلـێـشـە بەرد زۆر ئـامـێـری دروست کـردبوو (وەک تەشوێی سووک. زەفتەی نووک تیژ و چەقۆ دەست بدات بۆ کەوڵکردن و بڕینی گۆشتی نێچیری ڕاوکراو. ئێسقانی بە نەخشی سـادە ئەوە دەگـەیەنێت کـە مـەیلی هونەری هەیە. ئەم ڕاستییە لە بیر نەکەین کە جەستەی نیاندەرتاڵ زۆر بە ڕێکوپێکی کراونەتە ژێر خاک و بە بەرد پارێزراون و لە قـورسـایی ئەم خاک و خـۆڵـەی بەسـەری دادراوەو لە دەوروێتی، لەگـەڵ خـواردن و چەک بۆی دانراوە، ئەمـە وا نیشان دەدات کە هەندێ پێوەندی بە ئایینێکی جادوویی هەیە.

چاخی بەسـتـەڵەکی چوارەم شـاخـەکـانی کـوردسـتـانی گرتۆتەوە، کەشوهەوا لە باکووری کوردستان ئەوەندە سارد بووە، وای کردووە مرۆڤ لە ناو ئەشکەوتەکاندا بە هەمان شێوەی ئەوروپا بژی.

لە سـاڵی ۱۹۲۸ ز، زانایەکی ئینگلیـز (مـێـژووناسی پێش مـێـژوو د. گـارۆد ناودار لە ئەشکەوتی هەزارمـێـرد (۱۲ مـیل لە سلێمانییەوە دووره) چەند پارچە شتێکی دۆزییەوە لە شێوەی (لفاواسۆ مۆستیریان)، لە سـاڵی ۱۹۵۱ شوێنەوار ناسی ئەمریکی (ر. سولەکی) لە کاتی هەڵکەندنی ئەشکەوتی شـانەدەر لە نزیک ڕەواندز لە قووڵایی ۱٦ تا ۱۷ پێ تووشی چینێک هات لە ئامێری بەردە ئەستێ کە تێکەڵاوی ئێسقان بووبوو لەگەڵ شوێنی ئاگردان. لەکاتی پشکنینی جاری دووەم، پاش دوو ساڵ، لە هەمـان شـوێن لە چینی D ئێـسـقـانی منداڵێکی دۆزییەوە زۆریش تێکچوو بوو، بەڵام ئەوەندەی مابوو کە تەمـەنی منداڵەکـەی پێ بزانرێت (نزیکەی ۹ مـانگان بووە) کـە مردووە، لە کـاتی ناشتنی نوشـتـاندراوەتەوە (واتا لاقـەکانی بە توندی خراوەتە سەر سینگی). هیچ زانیـارییەک لەسـەر ئەم ئێسقانە بڵاونەکراوەتەوە، بەڵام لەوانەیە بە نیاندەرتاڵ دەستنیشان بکرێت، تا ئێستاش ئەو منداڵەی ئەشکەوتی شانەدەر یەکەم ئێسقانی مرۆڤە لە سـەردەمی چاخی بەردینی کـۆن تا ئێـسـتـا لە ئێـراق دۆزرابێتەوە.

سـەدان سـاڵ بەسـەر چاخە بەسـتـەرەکـان تێـپـەڕ بوو و پاشان ئەم شەختەو سەهۆڵە وردە وردە دەستی بە توانەوە کـرد، ئەم ئاوەی لێ پەیدا بوو ڕووی کـردە ڕووبارەکـان،

شوێنیـان تا ئێستاکە لە بیابانەکاندا دیارە. کەشوهەوا وردە وردە بەرەو گـــەرمـــایی چوو، زەوی وشک بۆوە، ئاژەڵـەکـــان (ئاسک و بزن و ڕەشـــەوڵاخ و...تاد) دەرکەوتن، لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست بە کتوپڕی مرۆڤی نیاندەرتاڵ ون بوو، نەما، لە شوێنیان چەند مرۆڤێکی تر سەریان هەڵدا (ناویان لێنراوە هۆمۆ سلپیانز) کە دەبنە باپیرانی ڕاستەوخۆ و ڕاستەقینەی ئێمە، بەڵام - کە ئەمەش دەبێتە شتێکی خۆش و سەرسووڕهێنی پێش مێژوو - کە لە سەردەمێکی زووەوە هەمان جۆر مرۆڤ و کاری بەرد بەرپا بوو، بە سەرتاسەری جیهاندا بڵاو بۆتەوە.

کـە چاخی بەردینی تازە (نوێ) دەست پێ دەکـات، هەمان سەرهەڵدانی ڕەگەزی مرۆڤی جیاوازی بە خۆوە بینیوە کە کاری بەردی جیاوازیان هەبووە. هەزاران ساڵ تێپەڕیوە مرۆڤ و دروست کردنی ئامێر بەپێی هەر ناوچەیەک و هەرێمێک گۆڕانی بەخۆوە بینیوە. بەم شێوەیە ئەم ئامێرانەی چاخی بەردینی کۆن دەناسرێنەوە (وەک دەمە چەقۆیەکی هەمەجۆر لە زۆر شوێن دۆزراونەتەوە).

لە ئێراق بەردی چاخی ئۆریگناس، گرافیت لە ئەشکەوتی زەرزێ لە خوارووی سلێمانی دۆزراونەتەوە، لەلایەن میس گارۆد لە ساڵی ١٩٢٨، لە پاڵە گەورە لە نزیک چەمچەماڵ، بەم نزیکانەش دکتۆر برایدوود، پرۆفیسۆر لە زانکۆی شیکاگۆ لە سەردانەکەی بۆ ئەم ناوچانە (بێخاڵ، هاجیە، هاودیان، باڵەک لە دۆڵی زێی گەورە) ئەم ئاسەوارانەی دۆزیبێوە.

هەروەها ئەم شتانەی لە ئەشکەوتی شانەدەر کە لە چینی (C) دۆزراونەتەوە. بەڕای دکتۆر سولوکی دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سەردەم، هەندێ جیاوازیان هەیە لەگەڵ ئەوانەی لە ڕۆژئاوای ئۆگراسیان دۆزراونەتەوە، بۆیە ناوێکی تری بۆ دانان (ئامێری برادۆست). ئەو پاشماوەی ئاگر و ئاگردانە کە لە ئەشکەوتی شانەدەر کۆکراوەتەوە لە چینی (C) لە کاربۆن ١٤ دراوە. ئەو ژمارەی کە کەوتووەتە دەست دەوروبەری ٢٧٥٠٠ ساڵ بۆ چاخی بەردینی نوێ، ٣٤٠٠٠ ساڵ بۆ چاخی بەردینی کۆن نیشان دراوە. ئەم ژمارەی ٣٤٠٠٠ ساڵە یەکێکە لە کۆنترین مێژووی ئاسەوار تا ئێستا بەم ڕێگایە تۆمار کرابێ، ئەمەش شایەنی سەرنجە کە لەو ماوەیەی کە بۆی دانراوە تا چاخی بەردینی نوێ لە نێوان ١٠٠٠٠٠ تا ١٠٠٠٠ پ. ز کۆتایی دێت.

لە ئەوروپای ڕۆژئاوادا شارستانێتی سۆلۆتریان و مەگدالینیان (دووەمیان پێوەندی لەگەڵ ئەو وێنانە هەیە کە لەسەر دیوارەکانی ناو ئەشکەوتەکانی خوارووی فەرەنسا و ئیسپانیا) لە دوای ئۆریگناسیان دێن.

بەڵام لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بەم شێوازە نییە، لە ئێراق و سوریا و فەڵەستین یەکسەر لە دوای ئۆریگناسیان دروستکردنی ئامێری جۆراوجۆری بچووک لە بەردە ئەستێ دروستکراو دێت، چاخی بەردی بچووک کە پێی دەگوترێت چاخی میسولیسیک.

دروست کردنی ئامێری بچووک لە باکووری ئێراق زۆر باو بوو کە تێکەڵاوییەکی لەگەڵ دوا دوای ئۆریکناسیان هەیە کەوا چینی (B) لە ئەشکەوتی شانەدەر پێکدەهێنن. بە ڕێگای کاربۆن ١٤ مێژووەکەی زانراوە کە بۆ نزیکەی ١٠٠٠٠ ساڵ پ. ز دەگەڕێتەوە، هەروەها ئەم چەشنە ئامێرانە دۆزراونەتەوە لە کەریم شایەر (پانکەیەکە لە نزیک چەمچەماڵ). گردە چیا، ملە فەئات (لە دۆڵی زێی گەورە)، شوێنەکان بە ناوی چەرمۆ، حەسوونە ناسراون.

ڕاستییەکەی ئەوانەی لە چەرمۆ دۆزراونەتەوە تێکەڵاون لەگەڵ هەندێ بابەتی تر کە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی نوێ دەگەڕێنەوە، تێپەڕینی لە چاخی کۆن بۆ چاخی بەردینی نوێ زۆر بە باشی دەستنیشان دەکرێت.

چاخی بەردینی نوێ، نیولیسیک (neolithic) [neo واتا (new) تازە، lithos واتا (stone) بەرد] ماوەیەکی گۆڕانی هەست پێکراو بوو، چونکە شۆڕشێکی گرنگی بە خۆوە بینیبوو، مرۆڤ بە تەواوی ئەنجامی دابوو. ئەمەش شۆڕشی کشتوکاڵ و ماڵی کردنی ئاژەڵ بوو، ڕێگەیەک بوو بۆ کۆکردنەوەی خواردن، بۆ بەرهەمهێنانی خۆراک بۆ ژیان. مرۆڤ نیشتەجێ بوو، چیتر بە دوای ڕاو نەدەگەڕا، پشتیان بە شارەزایی و بەخت دەبەست بۆ ئەوەی ببێت بە جووتیار کە دەبەستراوە بە عاردەکەی و بۆ ژیانی خۆی پێوەی بەند دەبوو. شوێنە ناخۆشەکانی بەجێ دەهێشت (ئەشکەوت و کون و بن بەرد...تاد)، توانی خانوو دروست بکات، ئامێری نوێی داهێنا بۆ کێڵانی کێڵگەکانی دروێنەی دانەوێڵەو هاڕینی، گۆشتی هەر لە دەرەوە دەبرژاند، بۆ چێشتی شلە پێویستی بە مەنجەڵ و شتی ئەوها هەبوو کە ئاگر کاری تێنەکات. بەم شێوەیە زانی لە قوڕ دەتوانرێ قاپ و مەنجەڵ دروست بکرێت و ئەگەر سوور بکرێتەوە بەرگەی ئاگر دەگرێت، هەروەها زانی خوری مەڕەکەی، یان داو لە

هەندێ ڕووەک دەکرێ بچنرێت و چەشنە قوماشێکی لێ دروست بکرێت بۆ ئەوەی بکرێت بە جلوبەرگێکی سووکتر و نەرمتر لە پێستی ئاژەڵ بەکاری بهێنن بۆ پۆشین. هەستی کۆمەڵایەتییان گۆڕاو بەرەو پێش چوو، چونکە چاودێری کردنی کشتوکاڵ پێویستی بە هاوکاریکردنی یەکتری دەکرد. کێڵگەکان بوون بە گوند و سۆزی جووتیارەکە فراوانتر بوو لە ماڵەکەیەوە بۆ دراوسێکانی و بۆ دانیشتوانی گوندەکانی تر لە دەور و بەری. دوایی شۆڕشی تر سەری هەڵدا وەک دۆزینەوەی کاری کانەکان، گۆڕانکاری زۆر هاتە کایەوە، گوند فراوان بوو، بوو بە شار، چەندان شار و گوند بوون بە دەوڵەت، بەڵام شتە بنچینەییەکانی ژیان، ئەرکی مرۆڤ هەر لەسەر خاکەکە بوو، تاکو ئێستاش بەند بوو بە گۆڕانی وەرزەکان.

زۆر ڕوون و ئاشکرایە کە شۆڕشی چاخی بەردینی نوێ یەکەم جار لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست سەری هەڵدا و بێ گومان زوو لە باکووری ئێراق پێش ١٠٠٠٠ ساڵ پ. ز. ئایا لەبەرچی بوو بۆ یەکەم جار لەم شوێنە ڕووی دا؟ ئێمە بە تەواوی نازانین. لەوانەیە لەم سەردەمەدا خۆرهەڵاتی ناوەڕاست باشترین ئاو و هەوای گونجاوی هەبووبێت، لەوانەیە گەنمی کێوی کە لە کوردستان و فەلەستین ڕوواوە لە یەکەم تاقیکردنەوەی کشتوکاڵ کەشوهەواکەی گونجاوە. بەهەر حاڵ دۆزینەوەی شتی نوێ لەم سێ گۆشەیەی ئاشوورییەکان یارمەتیمان دەدات بە گەیشتن بەو ڕێگایە کە چۆن مرۆڤی کۆن پێیدا تێپەڕ بوون لە چاخی بەردینی ناوەندی بۆ چاخی بەردینی نوێ. باشترین نموونە ژیانی سادەی ئەم کۆمەڵە کشتوکاڵیانەمان بۆ دروست بکەن.

یەک لەم شوێنەوارانە چەرمۆیە، لە نێوان سلێمانی و کەرکووک هەڵکەوتووە، لە ساڵی ١٩٥٠ - ١٩٥١ لەلایەن پرۆفیسۆر برایدوود پشکنراوە. تەپەی چەرمۆ لەسەر گردێکی سروشتی هەڵکەوتووە بە بڵندی ٢٠ پێکهاتووە لە (١٥) چین لە خانووبەرە کە هەمان شێوە دەردەخات، تەنیا یەک جیاوازی نەبێت ئەویش چینی بنەوەی هیچ گۆزەی پێوە دیار نییە. خانووەکان بە خشتی قوڕ دروست کراون، چەند ژوورێکی لاکێشەیی هەبووە، ئاگردانی تێدابووە، حەوزی گەورەی لە قوڕ دروستکراو لە زەوییەکە تێگیرابوو. لەو ئامێرانەی بۆمان ماوەتەوە هاوەن و دەستاڕ و داس کە لە بەردە ئەستێ دروست کرابوون و دەسکەکانیان لە دار گیرابوو بە هۆی بابەتێکەوە. ئەمانە بۆمان ڕوون دەکەنەوە کە دانیشتوانی چەرمۆ جووتیار بووبن، هەروەها ئێسقانی زۆری مەڕ و مالات و ڕەشەوڵاغ و بەراز ئەوە دەردەخات کە ئەمانە خاوەن ئاژەڵی ماڵی بوونە. بەرد بە زۆری بەکار هاتووە، ئینجا نەعلی لێ دروست کراوە، هەروەها تەشی و دەستاڕ و سیوسیوەی دەرگای لێ دروست کراوە. بۆ ڕازاندنەوەش بەکار هاتووە وەک دەنکە مورووو بۆ هەڵواسین، بازن، ملوانکە... تاد پەیکەری سادەی هەندێ ئاژەڵ، ژنی قەڵەوی سک پڕ، بێ گومان نیشانەی پیت و بەرەکەتە بۆ مرۆڤ و ئاژەڵ. بە هەموو شوێنەکەدا ئامێری بەردە ئەستێ و بەردی گڕکانی بەکار هاتووە کە بۆ سەردەمی چاخی بەردینی کۆن دەگەڕێتەوە. تاقیکردنەوە بە کاربۆن ١٤ لە سەر هەندێ قاوغی شەیتانۆکە ئەم ژمارەیەی دەرخست کە لە نێوان ساڵەکانی ٥٠٧٧ و ٤٥٣٧ پ. ز. بووە.

ئەم مێژووە کۆنە لەگەڵ دروست کردنی ئەم خانووبەرە ئەوە دەگەیەنێ کە چەرمۆ لەگەڵ ئەوەی شتەکانی زۆر بە سادەیی بوون ناتوانرێت بە کۆنترین کۆمەڵگای کشتوکاڵی جیهان دابنرێت، چونکە دەبێت قۆناغی تر لە دروست بوونی گوندنشین بدۆزرێتەوە.

تەپەی حەسوونە کە دەکەوێتە دۆڵی دیجلەوە پێ دەچێت لە دوای چەرمۆوە بێت. ئامێرەکان، کەلوپەلی ناو ماڵ، پەیکەری قوڕ چەرمۆ بە بیر دێنێتەوە، بەڵام گۆزەی بە دەست دروست کراو لە هەر شەش چینی گردەکە لەیەکەم نارێک و خراپ دروست کراوە بوو. دوایی بە نەخشونیگار ڕازاوە بوو، بۆیە کرابوو. زۆر خانوو بەرەی سەرسوڕهێنەر ئەوە نیشان دەدات کە گۆڕانکارییەک و بۆ پێشەوە چوون هەیە، لە کۆلیتێکی یەک ژووری بۆ خانووەکی چەند ژووری.

لە چینەکانی سەرەوە، ئەم گۆزەو شتانە کە بە شێوەی نوێ دروست کرابوون، ئەوە دەردەخەن کە هونەری بیانی کاریگەری لەسەریان هەبووە.

لە چاخی بەردینەوە کە گۆڕانکارییەکی ئاشکرای گەلەکەی پێوە دیارە، دەگەینە قۆناغی دووەم لە چاخی پێش مێژووی ئێراق، قۆناغێک یەک لە دوای یەک شەپۆلی گەلی تر دەمانگەیەنێتە سەردەمی دەست پێکردنی مێژوو کە پێی دەگوترێ چاخە مێژووییەکان.

*** سەرچاوە: مجلة اهل النفط، عدد ١٢، لسنة ١٩٥٢.**